13.06.2007

**بۆ بەڕێز/ حکومەت و پەرلەمانی نەرویج**
**بابەت/ یاداشتنامە و داواکاری**

بەڕێزان، بێگومان ئاگادارن کە لەم دواییەدا کیژۆڵەیەکی 17 ساڵە بە ناوی دوعا خەلیل لە شارۆچکەی بەعشیقە نزیک شاری موسڵ تا مەرگ بەردەباران کرا بەبەرچاوی دەسەڵاتداران و پۆلیسەوە. دوعا لە لایەن (خەسرەو گۆران) جێگری پارێزگاری موسڵەوە کە بەرپرسێکی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە تەسلیم بە عەشیرەتەکەی کرایەوە. بە دوای ئەویشدا شەوبۆ ڕەئوف علی نزیک شاری کۆیە دڕندانە کوژرا و وە هاوسەرەکەی کە یەکێکە لە بکوژەکانی و ئیقامەی لە بەریتانیا هەیە و نیشتەجێی شاری بیرمینگهامە گەڕاوەتەوە و ئیستا لەوێوەیە. هەر لەم چەند ڕۆژەی پێشوشدا ئامینەی 12 ساڵ لە لایەن باوکیەوە کە بەرپرسێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە لەسەر ئەوە کوژرا کە گوایە پەیوەندی لەگەڵ کوڕێکی 24 ساڵدا هەیە.

ئەمانە تەنها نمونەیەکن لە شەپۆلێک لە کوشتن و سوتاندن و ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی کە چاوی میدیاکان چووە سەریان و نیشاندران. بەڵام ئەوە نیشانەی جێگەوڕێگەی نزم و خراپی ژنان و بێمافیەکانیانە لە عێراق و کوردستان. دەسەڵاتدارانیش نەک هەر بێخەم و بێباکن بگرە لە کوردستان یەکێتی و پارتی 16 ساڵە لە پشتی کۆنەپەرستی و عەشیرەتگەریەوە ڕاوەستاون و بکوژانی ژنانیش سنگ بەرزانە ئەسورێنەوە. یەکێتی و پارتی بەشێکن لە حکومەتی عێراق کە دەستورێکی کۆنەپەرستی ئیسلامی لەسەر بنەمای شەریعەتی ئیسلامەوە بەسەر خەڵک و ژناندا فەرزکردووە. ژمارەی ژنانی کوژراو لە کوردستانی عێراقدا لەم 16 ساڵەدا چەند بەرابەری قوربانیانی هەڵەبجە زیادی کردووە و بە کردەوە جینۆساید کراون و دەکرێن! یەکێتی و پارتی کە دۆستایەتیان لەگەڵ حکومەتەکەی ئێوەدا هەیە بە فەرزکردنی یاسای کۆنەپەرستانە و پشتیوانی پیاوسالاری و عەشیرەتگەری بەشدارن لەو تاوانکەریەی لە دژی ژنان ئەنجام ئەدرێت. لەوێ جەهەننەمێکیان بۆ ژنان داناوە و کە دێنە لای ئێوە لافی ئەوە لێ ئەدەن یاسایان داناوە کە گوایە داکۆکی لە ژنان ئەکات. ئەگەر وایە و یاسا لە کوردستان هەیە ئێستا ئەوان چ وەڵامێک ئەدەنەوە لە بەرامبەر ئەم ڕەشەکوژیەدا؟!

ئێمە ناتوانین لە بەرامبەر ڕەشەکوژی ژناندا بێدەنگ بین. ناڕەزایەتی خۆمان بەرامبەر بەم تاوانانە و ڕەشەکوژی ژنان بە گشتی دەرئەبڕین و داواکرین لە ئێوە کە:

1. بکوژانی دوعا و شەوبۆ و ئامینە و هەموو ئەوانەی دەستیان لەو تاوانانەدا هەیە بدرێنە دادگا و سزای عادلانە بدرێن، نەک بە بیانوی ناموسەوە تاوانەکانیان پەردەپۆش بکرێت.
2. بکوژی شەوبۆ لە بەریتانیا بدرێ بە دادگا و بە بیانوی ئەوەی کە تاوانەکەی لە کوردستان ئەنجام داوە دەست شل نەکرێ لە حوکمدانیدا. بەرپرسێتی دەسەڵاتی یەکێتیە کە ئاسانکاری ئەم پرۆسەیە لەگەڵ حکومەتی بەریتانیدا بکات.
3. یاسا کۆنەپەرست و دژە ژنیەکان هەڵبوەشێتەوە لە عێراق و کوردستان و بە یاسای یەکسانی ژن و پیاو جێگەیان بگیرێتەوە.
4. جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت و پەروەردە و فێرکردن لە کوردستان و عێراق زەمانەت بکرێت.

چاوەڕوانی دەخاڵەت و وەڵامی ئێوەین بۆ چۆنێتی بە شوێندا چوونی ئەم مەسەلەیە.

**ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق/ نەرویج**
**ڕێکخراوی پەنابەرانی کوردی عێراق لە نەرویج**

بۆ پەیوەندی گرتن:
بەهار مونزیر، تەلەفون: (004795850492)، یان ئیمەیڵی: owfi_norway@yahoo.com
کامل احمد، تەلەفون: (004791114116)، یان ئیمەیڵی: ikafn@yahoo.com